(خۆشەویستی لەخۆبووردوانە ئەوەیە کە هەموو سنوورەکانی خۆشەویستی تێدەپەڕێنێ.
ئەو جۆرەیە کە لە هیچ کێشێکی ذەوشتدا جێگەی نابێتەوە.)

ذینهۆصد نایبوور

مەهاباد قەرەداغی

زمانت هەورە و، پەیضەکانت باران!

کوا شوێنێك شك دەبەم خاصی بێت لە گەردیلەی هزر و لە شەماصی ذۆحی بزووت،
لە هەرکوت سەرخەوت بشکێنم، لەوثوة هەمدەکەی!
تەتەرثکی جیوەییت تۆ، چەند ئازای!!
شاذتی گشت خەونثکم شارەزای!

***

چەند قوومتری لە ذامووسینی جاویدانەی نیان ؟!
کە زمانت هەورە و، پەیضەکانت باران
کە گوثچکەم کشگەیە و، دەروونم چراخان
چەند بەرینتری لە گەردوون، لە عەشقی ناوازەی بثکۆتا!
کە دمت وەك فەرشی شەوبۆ ذادەخەیت و،
بەسەریا هەر دەرۆم و، دەذۆم و دەذۆم
هشتاش هەر ناگەمە سەرەتا!

***

چەند ذوونتر و سازگارتری لە کانیاو!
کە تەنکاوی دەروونت پذە لە زیخی ذەنگینی سەدان ذاز ،
نیگاشت قوصپەی دث لە پشکۆی سووری نیاز!

چەند سادەتری لە ساواي یەك شەوە، کە دثیتە خەموەتی ئامثزم
بە پەنجەی باریکت کلی تیشکی چاوت بە چاوما دەهثنی!
چەند شیرینتری لە ذەوانم،
کە لە دوای هەر ماچث
لثوی خۆت وەك نەمامی هەنگوین لە کشگەی زمانم دەچثنی!

***

چەند سەیرتری لە خۆم!
ئەسرینت، ئەسرینم ئەصماسە، کە دەگریم، کەدەگریت!

هەر کاتێ لە چەمی هەستێدا دەمشۆیت و، لەکانی سۆزی خۆمدا دەتشۆم!
ئەی چەند ئامۆژگاری لە گرت!
کە بەرسڤ دەکەیتە هەزاران پرسیار و،
هەوڵدەی پرسیارت لەهیچ کوت، شوێن بە خۆی ناگرت!

***

2003/11/22

ستۆکهۆڵم